# سیمیا لە شانۆدا

ئامادەکردنی
لاس

قەیرانی شانۆی کوردی لە دوای ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی، هەر بە تەنها لەسەر ئاستی نمایش و چۆڵ و هۆڵی هۆڵەکانی شانۆ نییە. هەر لەوەدا نییە کە دەقی نۆرماڵ و نواندنی بەپێز و دەرهێنانی ئاست بەرز نابینین، یان تۆرانی بینەرانێکی زۆر بێت لەو هۆڵانەی، ڕۆژانێک جمەیان دەهات و جموجوڵی شانۆیی لەو پەڕیدا بوو، بەڵکو بە دیوێکی تریشدا ئەو قەیرانە لە نەبونی باس و خواسی تیۆری وتارو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدایە لەسەر شانۆ بە گشتی.

ڕەنگە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا هەژاری نوسینی تیۆری و تیۆریزەکردن، هەر لە بواری شانۆدا نەبێت، بەڵکو ئەمە پەتایەکی موزمینی تەواوی کایەکانی دیکەیە، هەر لە شێوەکاریەوە بیگرە تا موزیک و شیعر و بوارەکانی دیکەش. ئەڵبەت لێرەو لەوێ هەوڵی شەخسی و تاکە کەسی هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، واتە کەسانێک هەن درک بەو بۆشاییە گەورە دەکەن و جار جارە بە بەرهەمێک چۆڵی و بەتاڵی ئەو کایە پڕ دەکەنەوە، بەڵام بێگومان ئاوەدانی تەواو بەو هەوڵانە دەستەبەر نابێت و ئەو بۆشاییە گەورەیەی لەسەر ئاستی تیۆری و تیۆریزەکردن هەیە، هەوڵێکی دەستەجەمعی گەورەتری دەوێت.

کتێبی (سیمیا لە شانۆدا) کە لە نوسینی «سەڵاح جەلال»ە و لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کۆمەڵە بابەتێکی وەک: (ئارکیۆلۆژیای شانۆی کوردی و سۆسیۆلۆژیای گوتارە جیاکارەکان و فەزای شانۆ و سیمیای شانۆ و دراما و خوێندنەوەی جەستە لە بونیادی شانۆدا)، هەوڵێکە بۆ بەشداریکردن لە دەوڵەمەندکردنی باس و خواسی تیۆری لە بواری شانۆ بە گشتی و شانۆی کوردی بە تایبەتی.

ئەم کتێبە کە بە قەوارەی (١٤٤) لاپەڕەیە و ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن تیپی شانۆی سالارەوە بەچاپ گەیەندراوە، «بورهان قەرەداخی» پێشەکی بۆ نووسیوەو لە بەشێکی ئەو پێشەکیەدا دەڵێت: (نوسەر لەم کتێبەیدا باس لە بەرهەم هێنانی جۆرێک هوشیاری دەکات کە خودێکی ڕۆشنبیر لە پەیوەندیەکانی ئێستاو داهاتویدا، پرۆژەی گەورە بەرهەم دەهێنێت. دیارە ئەو پرۆژەیەش شانۆ وەک کەلەپورێکی دۆگما و نەگۆڕ ناهێڵێتەوە، بەڵکو وەک زمان و میتازمان و کەلتور دەیناسێنێت).